# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە
## دەرەوەی وڵات 1984-1998

سەرباس

ئەم نووسینانەم ناو ناون خوێندنەوەی ئێستا، واتە خوێندنەوەی ئەمڕۆ خوێندنەوەی دوێنێی سبەینێ، خوێندنەوەی سبەینێی دوێنێ، چونکە بەراستی خوێندنەوەی ئێستاکانن. لە گەرمەی ڕووداوەکاندا نووسراون، پێشبینی کارو ئاقارەکانیان کردووە، پێش بەسەرهات کەوتوون و ئەجنداو پرۆژەیان بۆ داهاتووی پاشەڕۆژ داڕشتووە.
ئاشکرایە هیچ نووسینێك نییە، تەنانەت ئەوانەش کە خولیای لێکۆڵینەوەی ڕابردوون، کە هەوڵی خوێندنەوەی ئێستا نەبن. ئەوەی دەگۆڕێ چەشنی خوێندنەوەکەیە لە هەستپێکردن و دەرکپێکردن و ڕاڤە کردن و درکاندنی ئێستادا، ئێستایەك کە هیچ کات لە دوێنێیەکەی دابڕ نییە و لە سبەینێیەکەی دوور نییە.
بەڵام کەم هەن کە بە ڕاستی هەوڵی خوێندنەوەی ئێستا دەدەن.
زۆربەی خوێندنەوەکانی ڕابردووش زۆر جار هەوڵێکن بۆ چەواشە کردنی ئێستا، بۆ دروستکردنی دیوارەکانی تەم و تارمایی لەبەردەم بینینی ڕاستییەکاندا.
بە دەزگاییکردنی زانین هۆیەکی گرنگە بۆ بەستنەوەی خوێندنەوەی مێژوو، بە دوێنێ و ئێستایەوە، بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی هێشتنەوە و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتەوە. واتە لە شیکردنەوەی دواییدا کارێکی سیاسی ئایدیۆلۆژییە. ئەمە لەخۆیدا ناعەقلانییەتێك دەشارێتەوە کە دەسەڵات وەك عەقلانییەت واتە وەك کاری ئەکادیمی و زانگەریی ستانداردو ڕەوا دەری دەخات. بۆ نموونە: دەشێ باسکارێك چەند ساڵێکی گرنگ لە تەمەنی بایۆلۆژیی و هۆشمەندیی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوەی داخۆ هەڵوێستی شێخ مەحموود بەرامبەر ئینگلیز و شێوەی بەڕێوەبردنی حکوومەتەکەی چۆن بووە؟ تەرخان بکا؛ یان باسکارێکی دی هەوڵی ئەوە بدا ستراتیژو سیاسەتی قازی محەممەد و کۆماری مەهاباد لە چوارچێوەی هەلومەرجی دوای جەنگی دووەمی جیهانی چۆن بوون؟ ئەو باسکارانە بۆ ئەم کارە دەکەن؟ بۆ تێگەیشتنی ڕابردوو: بەڵێ؟ بەڵام نەك بۆ خاتری رابردوو بەڵکو بۆ ئێستا بۆ وەرگرتنی پەندو وانەو فێرکردنی مێژوویی بۆ ئەمرۆ و دادێ! ناعەقلانییەتەکە لەوەدایە کە هەمان باسکار یان باسکارانی دی دەشێ زۆر بە زەقی چاو لەو هەموو ڕاستییە بەرچاوو بەرهەست و بەرهۆش و

بەرویژدان و بەردەستانەی ئەمڕۆ و ئێستا بنوقێنن و تەنانەت هەوڵی شێواندن و شاردنەوەشیان بدەن؟! بۆیە نووسەری راستەقینە، واتە نووسەری رووناکبیری خاوەن دەور و ئەرکیاریی (وەزیفەی) مێژوویی، ئەوەیە کە هەمیشە بەقووڵی ئێستا دەخوێنێتەوە راستییەکانی تۆمار دەکا و پێشبینی داهاتووش دەکات. ئەم جۆرە نووسینانە بەهەرشێوەو زمانێك بنووسرێن بە نووسینی ( بیریی) ( فکری، ئایدیایی) دەژمێررێن. من هەموو ئەو نووسینانەی خۆم لەم خانەیەدا دەبینم. واتە بە بەشێکی گرنگی دامەزرێنەری بیری نەتەوەیی کوردییان دادەنێم. دیارە لەبەر ئەو ( بۆشایی یە) رۆشنبیرییە گەورەیەی کورد لە ئەنجامی داگیر کردن و داچۆڕانی کەلتووریی و وشکبوونەوەی شارستانیی تووشی هاتووە، مرۆڤی کورد بەتایبەتی بەناو نووسەر و رووناکبیرەکانی، تووشی گرێکوێرەی خۆ بە کەم زانین و لەمەوە بێگانەپەرستییەکی سەیر بوون. لەم ناوەدا نەك پاشماوەی کولتووری مەزن و دەوڵەمەندی کوردیمان تووشی فرامۆشی و لەناوچوونی بەرە بەرە بووە و زمانی کوردی ساغ و بەهێزیش تووشی شێواندن و خنکاندن بووە، بەڵکو ناسنامەی بیر لای ئێمە، وەك هەر گەلێکی پەراوێزکراوی دواکەوتوو، ئەوەیە تا چەند مۆرکی بێگانەی پێوەیە، تا چەند بەناو و ناونیشان و شوێن پەنجەی نووسەران و زانایان و بیرمەندانی بێگانە پڕکراوەتەوە. رەنگە خوێنەر بەلایەوە سەیر بێ کە لە زۆربەی نووسینەکانمدا بەهیچ جۆر ناوی زلی فەیلەسوفان و بیریارانی بێگانە نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دەرەوە لە شوێنێکی وەك بەریتانیا، نووسراون. لەگەڵ ئەوەشدا کە من خۆم دەرچووی بەشی ئینگلیزی زانکۆی بەغدام بەر لەهاتنم بۆ بەریتانیا کتێبی فەلسەفەی جوان و هونەرم نووسی کە پڕە لە ناوی فەیلەسوفان و نووسەرانی ڕۆژاوا هەروا شیعر و بەرهەمی ئینگلیزیم تەرجەمە دەکرد. لە بەریتانیاش هەر لەساڵی یەکەمدا ماستەرم لە فەلسەفەی مێژوو وەرگرت کە باسەکە باسێکی بەراووردکارییە لە نێوان مێژووناسانی یۆنانی وهێگل و مارکس و ڤیکۆو ( ئیبن خەلدوون) دا. لەباسی دکتۆراکەشمدا پشتم بە فەلسەفەی میشیل (فوکۆ) بەست کە ئەوکات ( 1986) کەم کەس بە قووڵی دەیانناسی... مەبەستم ئەوەیە بڵێم: بۆ لەگەڵ ئەمانەشدا من ئەم نووسینانەم بەناوی هیگل و مارکس و فوکۆو درێداو ئیدوارد سەعید و هتد پڕنەکردۆتەوە؟ وەڵامەکە ئەوەیە: چونکە بە پلەی یەکەم نووسینی رۆژنامەنووسیی و گوتارن.. واتە وەك وتار لە سەردەم و کاتێکی تایبەتیدا بۆ مەبەستێکی سیاسی و نەتەوەیی تایبەتی بڵاوکراونەتەوە.

نووسینی ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژاوادا نووسینێکی ڕوون و ڕەوانە و مەبەستی سیاسیی خۆی هەیە. گەر سەیری نووسینی رۆژنامەنووسە گەورەکانی ڕۆژنامە ئینگلیزییە سەرەکیی و گرنگەکانی وەك ( گاردیان) و ( تایمز) و ( ئیندیپێندنت) هتد بکەی، لە هیچ وتارێکدا بەهیچ شێوەیەك مەگەر دەگمەن نەبێ، هیچ هێماو ئاماژەیەك بۆ هیچ فەیلەسوفێك نابینی. ئەونووسینانە بۆ ئەوە نین نووسەر زانینی زۆر و فەلسەفەی خۆی بە خوێنەر بفرۆشێ و بەشێوەیەکی پاکانەدار یان بێ مانا، پڕی کا لەناوی زل و مەبەستی وێرانە. لەلایەکی

دیکەوە چۆن دەکرێ بۆ خوێنەری کورد ناوی فۆکۆو درێداو هیگل و کانت و تەنانەت سۆکرات و ئەفلاتوونیش بێنی گەر هیچ بەرهەمێکی ئەوانە تەنانەت یەك کتێبیش، بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و درووست تەرجەمە نەکرابێ... ئەو ناوانە بوونە بەشێك لە مێژووی بیرو زانین و تەنانەت ئاخاوتنی ئەکادیمی و رۆژنامەگەریی ڕۆژانەی کۆمەڵگای ڕۆژاوایی. لەبەر ئەوە گەر نووسەری ڕۆژاوایی ناویشیان بهێنێ، ئەوا هیچ گرفتێکی ئەوتۆ بۆ خوێنەری ئەو کۆمەڵگایانە درووست ناکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لە ئاخاوتنی ئەکادیمی و بۆنەی تایبەتی و لەبەشی(ریڤیو) واتە پێداچوونەوەی بەرهەمی چاپکراودا وتاری لەو چەشنە دەنوسرێن. ئەگینا بۆ وتاری ڕۆژنامەوانی زمانی ئاسان و ڕوونو ئاخاوتن و دایەلۆگی سادەو راستە و خۆو روون و مەبەست پێکاو بەکاردێن.

پرسیارێکی دی ئەوەیە بۆچی دەمەوێ ئەم نووسینانە بڵاو بکەمەوە؟!

وەڵامەکە سادەیە: بۆ ئەوەی ئەو نووسینانە نەمرن، بۆ ئەوەی بگەنە بەر دیدەو دڵی ئەو کەسانەی بۆیان نووسراون: خوێنەری کورد، ڕۆڵان و گەنجانی نەتەوەکەم. زۆر لەو نووسینانە ئەو کاتە نووسراون کە زۆر لەو گەنجانەی ئەمڕۆ دەنووسن، دەشێ هەر لەدایك نەبووبن، یان دەستیان قەڵەمی نەگرتبێ. من دەمەوێ ئەوانە بزانن وشەکانی کورد و کوردستان و کوردایەتی و کولتوور و حیزب و خەبات بۆ ئێمە چ مانایەکیان هەبووە. خەونەکانی ئێمەی نووسەری کورد بەتایبەتی لە ئاوارەیی و دووروڵاتیدا چ بوون؟ هەڵوێستمان بەرامبەر حیزبە کوردییەکان و خەباتەکەیان چ بووە و چۆن بووە؟

لەبەر ئەوەی ئەم نووسینانە وەك وتم ( خوێندنەوەی ئێستان)، لە گەرمەی رووداوەکاندا نووسراون و هەم لێکدانەوەو هەم هەڵوێستن، دەمەوێ سەرنج بدەنە ئەم ئێستایە، کامە بووە، کامەیە؟ تاچ رادەیەك ئێستای ئێستاشەو تەنانەت دەشێ ئێستای ئایندەش بێ؟! تا چ ڕاددەیەك ڕووداوەکانی ئەمڕۆو ئاقارەکانیان لەو نووسینانەدا هەن و پێشبینی کراون و شیکراونەوە؟ ئایا هەڵوێستەکان لە جێی خۆیاندا بوون یان هەڵەو ناتەواو بوون؟ ئایا بەراستی خوێندنەوەی راستی رووداوەکان بوون لە ساتەوەختی لە دایکبوونیاندا یان داپۆشین و شێواندنیان؟

بۆ ئەوەشە کە ئەوە ڕوون بێ هەموو نووسەرو ڕووناکبیری کورد لە دەرەوەو ناوەوە قەت هەڵوێستیان وەك یەك نەبووە و نییە و نابێ. هەمیشە ئەوانە زۆر بوون کە لەبەرەی حیزب و دەسەڵات و چەواشەکردنی ئێستا و کوشتنی داهاتوودا بوون. بەڵام با نەوەی نوێ ئەوەش بزانێ کە ئەو دەنگە کەمانەش هەبوون کە هەموو دەمێ و هەمیشە لەگەڵ دڵی نەتەوەو ویژدانی مرۆڤایەتی بوون. برادەرێك وەك دەرەنجامێکی گرنگی کێشەکەی کەمالی سەید قادر ئەوەی زەق نیشاندا بوو کە لەو کامپەینەوە نوسەرانی کورد فێربوون ڕەخنە لە حیزب و دەسەڵات بگرن؟! واتە تەنیا لە ساڵی 2006 نووسەری کورد رەخنەیان لە دەسەلاتی کوردی گرتووە!! ئەم نووسینانە نیشانی دەدەن ئەمە راست نییە.

ائەمەش کەماسییەکی دیکەی گەورەی کەلتوورو ئاخاوتنی کوردی و بەرنامەی ئەکادیمییەتی. هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بەراست لەسەر هیچ بابەتێك نییە. زانکۆکان کە دەبوو پێشڕەوی بیری زانستی و لێکۆڵینەوەی بابەتی قووڵ بن، بوونە پاشکۆی دەسەڵات و ماکی دواکەوتن و داڕزانی کەلتووریی. ئەگینا تا ئێستا دەبوو نەك تەنیا سەدەها بابەتی کۆمەڵناسیی و کەلتووریی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی گرنگ لەسەر ژیانی باشوور هەبانایە، بەڵکو چەندین دکتۆرا و ماستەریش لەسەر بابەتی ئەدەبی دووروڵاتیی و بیری کوردی لە دەرەوەو ڕۆژنامەکانی کوردی لە ئەوروپاو بەرهەمی نووسەرانی دەرەوەو ژیان و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا ئاوارەکانی کورد لە وڵاتەکانی ئەورووپی و هەندارانداً، ئەنجام درابان.

دەمەوێ بڵێم: لەم نووسینانەوە دەردەکەوێ کە بیری نەتەوەیی ڕەخنەیی کوردی زۆر لەوە کۆنترو کاریگەرترە کە لەگەڵ کێشەکەی د، کەمال سەید قادر دا لەدایك بووبێ. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە من شانازی دامەزراندن و سەرنووسەری کردنیانم هەبوون: هەڵوێست، پەیڤ، هەنگاو، هەتاو، دەشێ بە تاقە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی بە ڕاستی ئازاد و ئازاو خاوەن بیرو بەرنامەی نەتەوەیی لە مێژووی نوێی ڕۆژنامەگەری کوردییدا بژمێردرێن. لەو باوەڕەدام هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی زانستی، بابەتیی، بەراوردکاریی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. ئازایەتی و ئازادیی و سەربەخۆیی ڕاستەقینە و کاریگەری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ هەڵوێستی خاوو بە دواکەوتووی ڕۆژنامەکانی وەك هاوڵاتی و ئاوێنە بەراورد ناکرێ. ئەم دوو ڕۆژنامەیە تا ئێستا چ وەك بەرنامە چ وەك پەرچە کردار بەشێکی پاشکۆ و جیانەبۆوەوەی ئاکار و ئامانجەکانی دەسەڵات و حیزبە سیاسییەکانن، نەك بەرهەڵست و ڕەخنەکار. ئەمە نموونەی نووسینەکانی خۆم لە بەر چاوتان دەبن و دەتوانن بە بەڵگەوە بەراورد و دادوەریی بکەن.

دوا وشەم ئەوەیە کە هیوادارم بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینانە لەلایەکی دیکەشەوە سوودی هەبێ، ئەویش لایەنی زمانە. بەداخەوە ئێستا لە زۆر نووسینی کوردیدا زمانێکی ئەنفالکراو بەکاردێ. زمانی کوردی سادە و ڕەوان، زمانێك کە لە بیرکردنەوەی کوردیی و کوردانەوە هەڵقوڵابێ، کەمتر بەرچاو دەکەوێ.

بەتایبەتی هیوادارم گەنجان و ڕۆڵانی نەوەی نوێ گەر بۆ تێگەیشتنی مێژووش بێ ئەم بابەتانە بخوێننەوەو شییان بکەنەوە. تا بزانن ئەوەی ئەمڕۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیکەن بەشێکە لە ڕابردوویەکی بەردەوام. خۆ ئەگەر شێخ مەحموود یان قازی محەمەد، ئاست و هەلومەرج و دەرفەتی زانین و تێگەیشتن و بەرچاوو ڕوونیان دیاریکراو و سنووردار بووبێ، ئەوا هەر تەنیا ئەم چەند نووسینانە نیشانی دەدەن کە لەهەر قۆناغ و هەنگاوێکدا سەرکردەو بڕیار دەرە حیزبییەکان بەتایبەتی چ پارتی و یەکێتی، لە ئاکارو ئامانج و ئەنجامی کارەکانیان ورياکراونەوە، ڕێگای هەڵەو هەڵەشەو خیانەتیان بۆ ڕوونکراوەتەوە،

ڕێگای نیشتمانپەروەریی و جوامێریی و شەرەفیان نیشان دراوە. بەڵام تا چ ڕاددەیەك ئەم ئاگادارکردنەوەو ڕێنیشاندانە کەم یان زۆر کاریگەرییان هەبووە، ئەوا خوێنەر کە ئێستاش لە ئێستاکانی ئەم نووسینانەدا دەژی، دەتوانێ خۆی بڕیار بدات. خوێنەری زیرەك تووشی شۆك دەبێ کە چۆن مێژووی خیانەت و ناعەقلییانەتی کورد، یان راستر حیزبەکانی، وەك (مەهزەلە) خۆی دووبارە و سێبارە دەکاتەوە.

لەدوایدا بۆیە ئەم نووسینانە هەموویان بەبێ بواردن، بڵاودەکەمەوە، تا ئەوەش بسەلمێنم کە من لە هیچ نووسینێکی خۆم لە ژیانمدا پەشیمان نیم. زۆر جار مێژوو، ڕۆژگار، ڕووداو، دەسەڵات ئێمە دەنووسێ. ئێمە پێکاری ئەو ڕێڕۆ و ڕووداوانەین کە لە ئێمە گەورەترن، بەڵام بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە وەك مرۆڤی هۆشیار زیندووین، دەبێ دەنگ و هەڵوێستمان هەبێ.. دەبێ بۆ ئەوەی هەست بە مرۆڤایەتی خۆمان بکەین هەوڵی خوێندنەوەی راستیی بدەین. ئەو گەلەی نەتوانێ ڕاستییەکانی خۆی بخوێنێتەوە، ناتوانێ چ وەك تاك چ وەك کۆمەڵ هەرگیز تامی ئازادی بچێژێ، ناتوانێ بە کەرامەتەوە بژیا و سەری بەرز بێ.

کەمال میراودەلی

لەندەن 31 / 7 / 2006